# وەرزی پێنجەمی خۆشەویستی

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

1

من پیرنابم

هەربەگەنجی دەمێنمەوە

چونکە خوێنت

لەلاشەمدا قولّپ ئەدا

تەمەنم بەناو شعرو

ماچی لێوت و شنەی هەناسەت

گوزەردەکا

2

من تەنها چوار وەرزم هەبوو

تۆوەرزێکی ترت دامیَ

ناوم لێنا وەرزی پێنجەم

من خۆشەویستیم نەناسی بوو

عشقت کەژیانی پێبەخشیم

بووبه شعرو، بوو بەماچ و، بوو بەهاودەم

3

بالآی هەموو چیاکانت بۆدەتاشم

پەیکەرێکت لەرۆحی خۆم بۆدروست دەکەم

کەجێ شوێنی ،ماچی من و،گوڵی من و، لێوی من بێ

بەتریفەی مانگ ناوەکەتی لەسەر دەنوسم

خوێنی جەستەی لاشەی من بێ

4

من بەتەنها

لەناوتۆدا بینین و تەماشام هەیە

بۆیە سەر بەرەو خوار، بکەومەوە خوارێ

یا سەرکەوم

نائومێدێ یەخەم بگرێ

یا پێبکەنم

هەرلەسەر لێوی ماچی تۆ

چرای عشقم دادەگیرسێ

ماچت دەکەم

لەقژتەوە هەتا بەرپێ؟

5

من هەرماچم نەناسی بوو

کاتێ بەرەنگێکی خۆڵەمێشی

لێوت کردم بەباڵندە

ئیتر بۆهەتایە

لەنێو سۆزی باوەشی تۆدا

بووم بەگوڵێکی پەناهەندە

6

بەرۆژ دەستمان

لەناو گوڵ و تیشکی خۆردایە

کەشەو دادێ پەنجەکانمان

ئاوێزان و کەمەری باوەشی

یەکتری دەبن

بۆیە هەمیشە شعرەکانم

لەشەودا لەدایك دەبن

7

وەك پەپوولە ناسكیت و

وەك گزنگ زەرد

وەك پرژەی ئاوو روون

وەك شەماڵ فێنك

ئێواران دەبیت

بەگوڵ هەنارێك

لەگەڵ خۆرنشیندا

دێت بۆلام

كەشەو داهات دەبیت

بەگەریدەیەكی دوورە وولآت

8

ئەگەر هاتی ئێوارەیەك وەرە بۆلام

تا بەپێكێك مەستت بكەم

ئەگەر هاتی نیوەڕۆیەك وەرە بۆلام

تاله‌به‌ر ڕۆشنایی تیشکی خۆردا

ماچت بکه‌م

ئه‌گه‌ر هاتی به‌یانیه‌ك وه‌ره بۆلام

تاشه‌ونمی سه‌ر ڕوومه‌ته‌کانم

تێکه‌ڵاوی لێوت بکه‌م

9

ناوێرم ده‌ست له‌ڕوومه‌تت ده‌م

چونکه ئه‌وه‌نده ناسکه

گوڵی په‌نجه‌کانم بریندار ده‌کا

ناوێرم بێمه باوه‌شته‌وه

چونکه ئه‌وه‌نده گه‌رمه

خوێنم له ژێریا قوڵپ ئه‌دا

له‌نێوانی ناسکی ڕووت و

گه‌رمی باوه‌شتا

نازانم عه‌شق بۆکوێم ده‌با

10

هێندە شعرم بۆنوسیوی

خەریکە چاوم هەڵدەوەرێ

بەدەم خەمەکانتەوە هێندە گریاوم

هەموو جەستەم هەل ئەلەرزێ

من دەمەوێ تۆوو، شعربکەمە ئەستێرەو

لەدەشتی ساماڵدا بڕوێ

11

من هەندێ جار

کەتۆ لەووشەم دادەبڕێی

دەبمە کاغەزێکی نەخوێنراوە

خەیاڵت مەستم دەکاو

دەمخاتەوە ناو قولاّیی مێژووتەوە

دیوانەکەم دێنم و هەموو شعرەکان دەگەڕێم

تالەناو ئاوی شعرێکدا دەتدۆزمەوە

12

چاوەکانت لەچاوی گوڵە بەرۆژە دەچن

هەمیشە بەئازادی خۆیان دەنوێنن

دەستەکانت لەدەستی پێشمەرگەیەکی

سەنگەر دەچن

کاتی بۆچاوی نیشتمان

لەسەنگەردا جێی دەهێڵن

باڵاشت لەچنار دەچیٚ

تادیٚ بەرزدەبیٚ و

هیچ کاتیٚ خەم ناوەرێنن

13

رۆژێك دیٚ زەردە پەری

پیریەتی بەرۆکمان دەگرێت و

دەستی مەرگ بۆلامان ئەهێنیٚ

ئەوکاتە مۆسیقا ئەبێتە

پەپولەی پایزو

خەونەکانیش بەتەمی چناریٚ

پەنجەی بەفر

بوخچەکان دادەخا

پۆلە ئەستێرەی باڵگرتوو

لەکێوان گەروییان ووشك ئەبێ

لەتینوا شایی و شعرو گوڵ

دەست دەکەن بەنزا

14

نەمزانی دەستەکانت جێم دەهێڵن

کاروانێکی راگوزارن و تێ دەپەڕن

سەرنجت رێبوارێکە

هەر رۆژێ بێ رووخسارم

بەجێ دێڵێ

من دەمەوێ لەرێو بانی

ئەم ئەوینە سپیەدا

یەك دەست و یەك چاوو یەك دڵ بین

تا لەجیهانی ئەم عەشقەدا

بێ کەس نەبین

15

قژت خەمێکی کورتی شەوی شعرمەو

منیش چرایەکی داگیرساوی حەزەکانت

نەچرا خەمم لادەباو

نەخەمیش چرا دەکوژێنێتەوە

کەواتە هەرتۆ بمنوسەوەو

هەرمن روناکت دەکەمەوە

16

ئەوسەرنجەی لەدیدارێکدا

گرتە چاوم

بوون بە دوو چڵە نێرگز

لەبناری چیای سەرەتا ڕوان

ئەو دەستەی خستە دەستمەوە

بوون بەر رێگەی دوو عاشق  و

لەژوانێکا پیا تیَ پەڕین

ئەو ماچەی لەسەر روومەتت کردم

هەموو شەویٚ دەمباتە

دونیای خەوبینین

17

لەناو فەرهەنگی گشت خەمەکانی دنیادا

من خەمی تۆ دەناسمەوە

ریش سپیەو

خوێنی سور ئەینوسێتەوە

هەگبەیەکی بەکۆڵەوە

پریەتی لەشعری خەمی ئەنفال و

خەمی هەڵەبجەو خەمی گشت

کیژە خێر لەخۆنەدیوەکانی تێدایە

بۆیە هەرگیز چۆك داناداو

بۆدوژمنیٚ

بێدەنگ نابێت لەبەردەم

ئاهوو ناڵە هیچ کەسیٚ